گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گرنگی میتۆدۆلۆژیای سێکوچکەیی لە کۆمەڵناسییدا

**م.ی. دانا لطیف شوانی**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Dana.jalal@lfu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٣/٥
پەسەندکردن:٢٠٢١/٤/١١
بڵاو کردنەوە: بەهاری ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
*Method, Quality Method, Quantative Method, Mixed Method, Triangulation Methodology*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.2.10

## پوختە

هەنوکە شێوەکانی توێژینەوەی تێکەڵاو بە شەپۆلی سێیەمی میتۆدۆلۆژی لەقەڵەم دەدرێت. ئەمە دەقاودەق بەو مانایەیە کە بۆ بەرەوپێشبردنی میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستە
کۆمەڵایەتییەکان، سەرەتا توێژەران پشتیان بە میتۆدی چەندایەتییەکان دەبەست، پاشان روویانکردە میتۆدی چۆنایەتی، بەڵام ئەم رۆژانە رەوتی میتۆدی تێکەڵاو بۆتە ئاراستەیەکی باو لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و، زۆرترین بایەخی پێ دەدرێت. ئایدیای سەرەکیی میتۆدی تێکەڵاو گوزارشتە لە فرەخەسڵەتی و فرە میتۆدی، واتە ئاوێتەکردنی میتۆدی چەندایەتی و چۆنایەتی دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی تێگەیشتنێکی گونجاوتر و گشتگیرتر لەو بابەت و دیاردەیەی توێژینەوەی لەبارەیەوە دەکرێت، هەروەها لەم شەپۆلەدا، کەموکوریی و کێماسییەکانی توێژینەوە چەندایەتیی و چۆنایەتییەکان چارەسەر دەکات. وێڕای ئەوەش، کۆمەڵگە مرۆییەکان لە دنیای تازەدا، ئاڵۆزیی و تێکچرژاوی کایەکان بەرەو هەڵکشانە، لەم ڕووەوە، شیکردنەوە و شەنوکەوکردنیشی، پێویستی بە گرتنەبەر و بەکارهێنانی میتۆدۆلۆژیای ورد و تەکنیکی تازە هەیە، تاکو بتوانرێ کەمترین بۆشایی و کەلێن بهێلڕێتەوە. بۆیە ئامانجی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیەش تاوتوێکردنی کورتەیەك لە میتۆدۆلۆژیای چەندایەتی و چۆنایەتی و، پاشان شیکردنەوەی کۆی ڕەهەندەکانی میتۆدۆلۆژیای

تێکەڵاو و تەکنیکی سێکوچکەییە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و، گرنگی ئەو میتۆدۆلۆژیایە بۆ ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان.

## پێشەکی

سێکوچکەیی (Triangulation) هەم میتۆد و هەم تەکنیکێکی گرنگە کە ئایدیا سەرەتاییەکەی لە دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو چەکەرەی کرد. لەم ڕەوتەدا، تێکهەڵکێشانێك لە میتۆدە جیاوازەکانی چەندایەتی و چۆنایەتی دەکرێت لە پرۆسەی توێژینەوەدا. هەروەها سوود لە چەندان میتۆدی جیاواز بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، هەڵسەنگاندن و دادوەری لەسەر داتاکان وەردەگیردرێ تاکو ڕوونکردنەوەیەکی لۆژیکی و گونجاو و ئەکادیمی سەبارەت بە دیاردەیەك یان پرسی لێتوێژراو بخاتە ڕوو. لە هەمان کاتدا میتۆدی سێکوچکەیی بەربەست و ئاستەنگێکی بەهێزە لە درووستبوونی کەموکوڕی و هەڵە و سادەڕوانینانە، شایەنی باسە، سێکوچکەیی پێنج جۆری سەرەکیی هەیە کە هەر یەکەیان کۆمەڵێ میکانیزم و ئامرازی تایبەتییان هەیە لە گرتنەبەری هەنگاوەکانی توێژینەوەدا. یەکێکی تر لە بایەخەکانی میتۆدۆلۆژیای سێکوچکەیی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە ئیشکردنی گرووپی لە میانەی ئەنجامدانی توێژینەوەدا، بە مانایەکی تر، دەکرێ لە یەك کاتدا زیاد لە یەك توێژەر لە شوێنی جیاواز بە گوێرەی ئەو میتۆدۆلۆژیایە لەسەر یەك توێژینەوە بکەن، هەروەها هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە لەم میتۆدۆلۆژیا تاڕادەیەك جیاوازە لە بەراورد بە میتۆدلۆژیاکانی تر، بۆیە بەوردی بەگەڕانەوە بۆ چەند سەرچاوەیەکی ئەکادیمی گرینگترین ئەو هەنگاوانەمان دیاریکردووە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە بە گەڕانەوە بۆ باسکردنی هەر سێ شەپۆلەکەی میتۆدۆلۆژیا بە وردی جیاوازیی و لێکچوونەکانیان خراوەتەڕوو، کە ئەمە ڕێگا خۆشکەرە بۆ ئەوەی ڕوونی کێماسیی و گرفتەکانی هەر یەکەیان دەستنیشان بکەین و، تیشکی زیاتر بخەینە سەر گونجاوترین میتۆدۆلۆژیا.

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## میتۆدۆلۆژیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان

چەندان پێناسەی جیاواز و هەمەچەشنمان بۆ میتۆد و میتۆدۆلۆژیا لە کۆمەڵناسیی هەیە، بەڵام هەر هەموویان لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە ئەویش میتۆد پرۆسە و ئامرازێکی ڕێنیشاندەرە. زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان پشت بە چەندان میتۆد و میتۆدۆلۆژیای جیاواز دەبەستن، بۆ نموونە مرۆڤناسەکان پشت بە تێبینی بە بەشداری دەبەستن، کۆمەڵناسەکان پشت بە پێوەر و پرسیارنامە دەبەستن، دەروونناسەکان پشت بە تاقیکردنەوە دەبەستن، زمانناسەکانیش سوود لە شیکردنەوەی گووتارەکان وەردەگرن. ئەم میتۆدە هەمەجۆرانە دەکرێ بۆ سێ ئاست دابەشییان بکەین ئەوانیش: میتۆدی چەندایەتی، میتۆدی چۆنایەتی و میتۆدی تێکەڵاو یان سێکوچکەیی. میتۆدە چەندایەتییەکان گرنگی بە ڕوانگە تیۆرییەکانی پۆزەتیڤیزم دەدات، میتۆدە چۆنایەتییەکان گرنگی بە ڕوانگە تیۆرییەکانی ڕاڤەگەرایی دەدات و میتۆدی سێکوچکەیی یان تێکەڵاویش گرنگی بە ڕوانگەی تیۆریی پراگماتیزم دەدات. لە ڕووی مێژووییەوە، بەکارهێنانی ئەو سێ میتۆدەش لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان سەرەتا ئاراستە چەندییەکان و دواتر ئاراستە چۆنایەتییەکان و، دواجاریش ئاراستەی سێکوچکەیی بووە جێی بایەخی زۆربەی توێژەران، بۆیە هەوڵ دەدەین بە کورتی لەسەر میتۆدی چەندی و چۆنی ڕابوەستین و، بە وردی و بە قووڵی جەخت لەسەر میتۆدی سێکوچکەیی بکەین و، بنەما و بایەخە تیۆریی و ئەکادیمییەکەی بە وردی بخەینە ڕوو.

ڕێد پێیوایە هەموو توێژینەوەیەك لە سەرەتادا ڕووبەرووی سێ پرسیاری سەرەکیی دەبێتەوە، یان بەمانایەکی تر، سێ پرسیار لەبارەی بابەت، میتۆد و ئامانجەکانی ئەو بوارە زانستییە دەخاتە ڕوو ئەوانیش ئەمانەن:

**یەکەم**: توێژینەوەکانی ئەم بوارە زانستییە، لەبارەی چ بابەتێکە بەدیاریکراوی؟

**دووەم**: توێژینەوەکانی ئەم بوارە زانستییە سوود لە چ میتۆدێك وەردەگرن؟

ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم:** ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکانی ئەم بوارە زانستییە لە چییدا خۆی دەبینێتەوە؟(Reid,1997:212)

لە ڕاستیدا هەموو زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان هەر یەکەیان بە جۆرێك لە جۆرەکان وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە و، پەیوەندییەك لە نێوان ئەو سێ پرسیارە بۆ زانستەکەی خۆیان دەدۆزنەوە، کۆمەڵناسییش یەکێکە لەو زانستانەی کە هەوڵەکانی خۆی بە چڕی لەسەر ئەو دیدە بینا دەکات کە چۆن بتوانێ بە باشترین میکانیزم و ئامراز بابەت و میتۆد و ئامانجەکانی توێژینەوەکانی دیاری بکات، چونکە بێ چەند و چوون ئەو سێ ڕەهەند و بنەمایە ڕووحی توێژینەوەی کۆمەڵناسیی پێکدەهێنن، هەر توێژینەوەیەك بەدەر بێ لەو سێ بنەمایە ناتوانرێ بە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لە بواری کۆمەڵناسیی لە قەڵەم بدرێت.

## 1. شەپۆلی یەکەمی میتۆدۆلۆژی: پۆزەتیڤیزم و میتۆدە چەندایەتییەکان

پۆزەتیڤیزم پێیوایە جیهان لە دەرەوەی هەست و ئیدراکی تاکەکانەوەیە و، واقیع و دیارە کۆمەڵایەتییەکان وەك دیاردە فیزیکییەکان، دیاردەیەکی بابەتی و ڕێکخراون و، ئەم شیرازە و ڕێکخستنە بەشێوەی یاسایەکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی هەستەکانەوە، دەکرێ بناسرێن. زانستە کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤگەراکان، هاوشێوەی زانستە سروشتییەکان، سوود لە میتۆد و تەکنیکە بابەتییەکان وەردەگرێت بۆ تێبینیکردن، ناسین و ڕوونکردنەوەی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان.(ایمان، 2009: 73-74) نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە لە ڕاستیدا پۆزەتیڤیزم میتۆدێکی سیستەماتیکە بۆ تێکەوڵاوکردنی لۆژیکی قیاسیی لەگەڵ تێبینیکردنە وردەکانی ڕەفتارە کەسییەکان ئەویش لە پێناو دۆزینەوەی کۆمەڵێ یاسای کۆمەڵایەتی و پێشبینیکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ. ئەوا بێجگە لەوەی پۆزەتیڤیزم چەند میتۆدێکی سەرەکیی توێژینەوەی هەیە لەوانە: **تاقیکردنەوە، پێوەر و پرسیارنامە، تێبینی بێ بەشداریکردن** و **شیکردنەوەی ناوەرۆکی چەندیی**.

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ ماوەیەکی زۆر ڕوانگەی پۆزەتیڤیزم لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڕوانگەیەکی زاڵ و دەستباڵا بووە، هەر چەندە ڕووبەرووی چەندان ڕەخنەی توند و کەمەرشکێن کراوەتەوە. بەشێك لەو ڕەخنانەش بەهۆی توێژینەوە ئەزموونییەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە لە لایەن بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە دەریدەخات ئەوەی بەراستی توێژەران ئەنجامی دەدەن، بە تەواوی جیاوازە لە گووتە و پێشگریمانەکانی پارادایمی پۆزەتیڤیزم لە پەیوەست بە چیەتی زانست.(چالمرز،2000: 86) وەك ئەوەی دەزانین یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی توێژەرانی چەندی و پۆزەتیڤیست ئەوەیە کە هەموو شت و دیاردە و پرسێك لە یەك هێڵەوە دەبینن، واتە وەك سەرکەوتن و دابەزین بە پلیکانەدا کە دەرفەتی ڕۆیشتن و بینین و شیکردنەوەی هیچی ترت پێ نادات جگە لەو هێڵەی کە لەبەردەمتە، لە ڕاستیدا ئەمەش ناکرێ بە شێوەیەکی تەواو زانستی لە قەڵەم بدرێت. هەروەها توێژەرانی ئاراستەی چەندایەتی بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان، زیاتر جەخت لەسەر تاقیکردنەوەی گریمانە بەرهەمهاتووەکانی تیۆرەکان دەکەنەوە، بەمانایەکی تر، بەدەگمەن هەوڵی چەمکاندن و خستنەڕووی تیۆرێکی تازە دەدەن ئەویش بەرەچاوکردنی هەلومەرجە تایبەتەکانی کۆمەڵگا مرۆییەکان.

## 2. شەپۆڵی دووەمی میتۆدۆلۆژی: ڕاڤەگەرایی و میتۆدە چۆنایەتییەکان

راڤەگەراکان پێیانوایە واقیعە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوەی هووشیاری مرۆڤدا نییە، بەڵکو پێکدێت لە هەموو ئەو توخمە زەینییانەی کە بەهۆی مانابەخشین و سەوداکردنی مانا کولتوورییەکان لە پرۆسەی کارلێکی ڕۆژانەدا هەیە. بەم چەشنە، واقیعی کۆمەڵایەتی بەو چەشنە پێناسە دەکرێت کە ئەکتەرانی کۆمەڵایەتی ڕاڤەی دەکەن. زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پشتئەستوور بە ڕاڤە لە بری پێداگری لەسەر تێبینیکردنی ئەزموونیی ڕەفتاری مرۆڤ، بایەخ بە مانای کردەکان دەدەن و، دەستگەیشتن بەم مانایانە بێجگە لە ڕێگەی مامەڵەکردنی داهێنەرانی توێژەر لەگەڵ ئەو بوارانەی توێژینەوەی لەبارەوە دەکات، شایەنی قبووڵکردن نییە.(حافظ نیا، 2003: 93)

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بیرمەندانی کۆمەڵایەتی ڕاڤەگەرا، بەشێوەیەکی جیاواز لە پۆزەتیڤیزم لە زانست دەڕوانن، لە ڕوانگەی ئەوان، زانست میتۆدێکی ئیستقرائیی هەیە، واتە لە ڕێگەی هەستەکانەوە بەدەست نایەت و خاڵی لە بەهاش نییە. لە ڕاڤەگەرایی، زانستی هەمەکی(گشتییانە) بەشێوەیەکی زانستییانە ناخرێتە لاوە، بەڵکو ئامرازێکی بەسوود بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانە و پەی بەو مانایانە دەبەن کە خەڵك لە ژیانی ڕۆژانەیان بڕوایان پێیەتی. بە گوزارشتێکی تر، ئەو مانایانەی کە خەڵك لە کارلێکە ڕۆژانەییەکانیان بەکاریاندەهێنن، لە زانستی هەمەکیش شاردراوەتەوە و پەیبردنیان، جگە لە ڕێگەی خودی زانستی هەمەکی شایەنی قبووڵکردن نییە.(ایمان، 2009: 90-93)

لێرە بەدواوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕاڤەگەراکان لەبەرچی ئاراستە و ڕەوتی پۆزەتیڤگەرا و چەندایەتییەکانیان بەلاوەدەخست، لەبەرئەوەی ئەوان بەشێکی گرنگ لە ئەزموونی مرۆڤیان پەراوێز دەخست و، پێیانوابوو کە ئەو ئەزموونە گرنگ نییە لە توێژینەوەی زانستییدا، یان بە مانایەکی تر، توێژینەوە لەبارەی ئەزموون و پەراوێزی مرۆڤ ناتوانێ پشت بە مۆدێلەکانی زانستە سروشتییەکان ببەستێت کە بۆ ناسینی دیاردە فیزیکییەکان دارێژراون یان پەرەیان پێدراوە، لەبەرئەوەی کولتوور، مرۆڤ لە دیاردە سروشتییەکان جیادەکاتەوە، بەڵام توێژینەوە چۆنایەتییەکان بازنەییە، گرتنەبەری ڕەوتێکی بازنەیی لەبری بزوان لە هێڵێکی ڕاستەوخۆ، جووڵە و بزوانێکی بازنەیی و مارئاسای هەیە و بە هێمنی بەرەو پێش دەڕوات.

**نیومن** لە کتێبی میتۆدی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییدا بە وردی پاش شیکردنەوەی عەقڵانی خشتەیەك لە جیاوازیی و لێکچوونەکانی میتۆدی چەندایەتی و چۆنایەتی دەخاتە ڕوو:

**خشتەی (1) جیاوازیی و لێکچوونەکانی مێتۆدە چەندایەتی و چۆنایەتییەکان**

| میتۆدە چەندایەتییەکان | میتۆدە چۆنایەتییەکان |
|---|---|
| هەڵسەنگاندنی واقیعە بابەتییەکان | تێگەیشتنی مانای کردەکان |
| جەختکردنەوە لەسەر گۆڕاوەکان | جەختکردنەوە لەسەر پرۆسەی ڕۆژانەی کردەکان |
| بەتاڵ لە بەها | کاریگەر بە بەها |

| | |
|---|---|
| سەربەخۆ لە دەق | لە چوارچێوەی پێگەدا |
| لە کۆمەڵێ بوار و بابەتی زۆر پێکدێت | لە کۆمەڵێ بوار و بابەتی کەم پێکدێت |
| شیکردنەوەی ئاماری | شیکردنەوەی ناوەرۆك |

(Newman, 2000: 123)

تا ئێستا بە ڕوونی لە هەردوو میتۆدی چۆنایەتی و چەندایەتی تێگەیشتین و، هەموو ئەو ئەرگومێنت و بەڵگانەمان بەرچاوخست کە ڕەوایەتی بە خۆیان دەدەن لە توێژینەوە زانستییەکان لە لایەن هەر یەکەیان، بۆیە لێرە بە دواوە هەوڵ دەدەین باس لەمیتۆدی سێکوچکەیی لە توێژینەوەی زانستیی بکەین و، هەموو لایەن و ڕەهەندەکانی شیبکەینەوە، لە هەمان کاتدا ئەو گرنگییانەشی بخەینە بەرباس کە لە توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت کۆمەڵناسیی هەیەتی، چونکە هەردوو پارادایمی چەندایەتی و چۆنایەتی کۆمەڵێ خاڵی لاوازییان هەیە کە دەکرێ لە لایەن هەریەکەیان ئەو خاڵە لاوازانە چارەسەر بکرێن و توێژەر زیاتر لە واقعی کۆمەڵایەتییەکەی تێبگات، بۆیە بە ڕەچاوکردنی ئەو دۆخە فرەییە کولتووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییانەی کە کۆمەڵگای کوردی هەیەتی دەکرێ باشترین چارەسەر هەڵبژاردنی میتۆدی سێکوچکەیی بێت.

## 3. شەپۆلی سێیەمی میتۆدۆلۆژی: میتۆدە تێکەڵاوەکان

لە ڕاستیدا میتۆدە تێکەڵاوەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەمەچەشنن، واتە تەنیا لە یەك جۆر و تایپی دیاریکراو کورت نەکراوەتەوە، بۆیە لێرە بە کورتی جەخت لەسەر هەر یەکەیان دەکەینەوە، هەروەها جۆرەکانی میتۆدە تێکەڵاوەکان بۆ چوار جۆری سەرەکی دابەش کراون ئەوانیش: **یەکەم**: ڕوونکردنەوەیی، **دووەم**: دۆزینەوەیی، **سێیەم**: ئاوێتەیی و **چوارەم**: سێکوچکەیی. دواجار بە وردی کۆی لایەن و ڕەهەندەکانی میتۆدی سێکوچکەیی دەخەمە بەرباس، وێڕای باسی جۆرەکانی میتۆدی سێکوچکەیی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 1.3 میتۆدی ڕوونکردنەوەیی

میتۆدی ڕوونکردنەوەیی، میتۆدێکیی تێکەڵاویی دوو قۆناغییە. ئامانجی سەرەکیی ئەم میتۆدە بریتییە لەوەی کە داتا چۆنایەتییەکان یارمەتی فراوانکردن و ڕوونکردنەوەی دەرەنجامە چەندایەتییەکان بدات. بۆ نموونە ئەم میتۆدە بۆ ئەو توێژینەوانە گونجاوە کە تێیدا توێژەر بۆ ڕوونکردنەوەی دەرەنجامە پێویست و ناپێویستەکان و، دەرەنجامە لاوەکیەکان پێویستی بە داتا چۆنایەتییەکان هەیە. هەروەها ئەم میتۆدە دەتوانێ سوود لە پێگە و شوێنێك وەربگرێت کە توێژەر مەبەستییەتی گرووپێك بەگوێرەی دەرەنجامە چەندایەتییەکان ڕێکبخات و، لەدوای ئەوە بە هۆی توێژینەوەی چۆنایەتیی گرووپەوە بەردەوام بێت.(نیازی، 2011: 173)

### 2.3 میتۆدی دۆزینەوەیی

ئامانج لەم میتۆدە تێکەڵاوە دوو قۆناغەییە، خستنە ژێر کاریگەریی میتۆدی یەکەم (چۆنایەتی) لە میتۆدی دووەمدا (چەندایەتییە). ئەم میتۆدە بەم چەشنەی خوارەوە بەکاردێت:

1) کاتێك ئامرازێك بۆ پێوانەگرتنی داتاکان لەبەردەست نییە:
2) هۆکارەکانی گۆڕاوەکان نەناسراون:
3) هیچ ڕێنماییەکی بونیادیی یان تیۆریی بوونی نییە.

لەبەرئەوەی ئەم میتۆدە بەشێوەی چۆنایەتیی دەستپێدەکات، بۆ تاوتوێکردنی دیاردەیەك ئەم جۆرە بە گونجاوترین میتۆد دادەنرێت. بەتایبەت ئەم میتۆدە ئەو کاتە بەکاردێت و کاریگەرە کە توێژەر بۆ دروستکردنی ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکان پێویستی بە تاقیکردنەوە بێت یان ئەو کاتەی دیاریکردنی بایەخی هۆکاری گۆڕاوەکان نەناسراوبێت و، تاوتوێکردنی ئەم هۆکارانە لە ڕووی چەندایەتییەوە سوود لەم میتۆدە وەردەگیرێت.

هەروەها ئەم میتۆدە لەم بوارانەی خوارەوە بەکاردەهێنرێت:

1. گشتاندنی داتاکان و دەرەنجامەکانی ئەویش بۆ گرووپە جیاوازەکان.
2. هەڵسەنگاندنی لایەنە کردەییەکانی تیۆرێك یان پۆلینەبەندییەکی تازە.
3. تاوتوێکردنی قووڵی دیاردەیەك یان پێوانەگرتنی ڕێژەی برەوی دیاردەیەك (نیازی، 2011: 173)

### 3.3 میتۆدی ئاوێتەیی

میتۆدی ئاوێتەیی یەکێکە لە میتۆدە تێکەڵاوەکان کە تێیدا هەندێ لە داتاکانی توێژینەوە ڕۆڵی یارمەتیدەر و لاوەکییان هەیە و، هەندێ لە کۆی گشتیی داتاکان ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕن. ئەم میتۆدانە لەو بوارانە سوودیان لێ وەردەگیردرێت کە کۆی گشتیی داتاکان تەواو نەبێت یان نەگاتە ڕێژەی داواکراو و، هەر یەك لە پرسیارەکانی توێژینەوە پێویستی بە جۆری جیاواز لە داتاکان بێت. توێژەر ئەو کاتە سوود لەم میتۆدە وەردەگرێت کە بە درێژایی توێژینەوەی چەندی یان چۆنیی، دەبێت بە سوودوەرگرتن لە داتا چەندایەتیی و چۆناییەتییەکان وەڵامی پرسیاری توێژینەوە بدەنەوە. ئەم میتۆدە ئەو کاتە بەکاردێت کە کە توێژەر دەبێ لە میتۆدێکی چەندیی، وەك میتۆدی پەیوەندیی یان ئەزموونی، دانراوێکی چۆنیی لەگەڵ تێکەڵ بکات. میتۆدی ئاوێتەیی کۆمەڵێ لە داتا جیاوازەکان لە ئاستی میتۆدی توێژینەوە لەگەڵ یەك تێکەڵ دەکات. بۆ نموونە توێژەر دەتوانێ داتایەکی چۆنایەتی لە میتۆدۆلۆژیاییەکی چەندیی ئاوێتە بکات، بە هەمان شێوە کە لە میتۆدی چۆنایەتی ئەنجام دەدرێت یان داتا چەندایەتییەکان دەتوانرێ لە توێژینەوەیەکی چۆنایەتی ئاوێتە بکرێت، بەو چەشنەی کە لە میتۆدی توێژینەوەی دیاردەناسی (phenomenology) ئەنجام دەدرێت.(نیازی، 2011: 172)

### 4.3 میتۆدی سێکوچکەیی

باوترین و ناسراوترین میتۆد بۆ تێکەڵکردنی میتۆدەکان، میتۆدی سێکوچکەیی یان سێ ڕەهەندییە. ئامانج لەم میتۆدە دەستەبەرکردنی داتا جیاوازەکان و، لە هەمان کاتدا لەمەڕ بابەتێکی تایبەتە تاکو بە

باشترین شێوە، فۆرمی توێژینەوە ڕوونبکرێتەوە. ئامانج لە بەکارهێنانی میتۆدی سێکوچکەیی ئەمەیە کە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی میتۆدە چەندییەکان (پێوانەی گەورەی قەبارەی نموونە، ئاراستە، گشتاندن) و میتۆدە چۆنایەتییەکان (ژمارەی کەم، بەشەکییەکان، قووڵی) پێکەوە لەبەرچاو بگیردرێن. ئەم میتۆدە ئەو کاتە زیاتر بەکاردەهێنرێت کە توێژەر بیەوێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرەنجامە چەندییە ئامارییەکان لەگەڵ دۆزراوە چۆنایەتییەکان بەراورد بکات. هەروەها ئەم میتۆدە میتۆدێکی تاك قۆناغییە کە تێیدا توێژەر میتۆدە چەندی و چۆناییەتییەکان پێکەوە و بە شێوەیەکی یەکسان بەکاردەهێنێت.

میتۆدی سێکوچکەیی، میتافۆرە. ئەم میتافۆرە کە پێشتر لە بواری سەربازیی و دەریاییەوە وەرگیراوە کە تیایدا بۆ دیاریکردنی شوێنی ئامانجێك بەشێوەیەکی ورد، سوود لە چەندین سەرچاوە و ژێدەر وەرگیراوە.(Blaukie,1991:115-136) لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەکارهێنانی سێکوچکەیی دەکرێ بۆ کامبێل و فیسکە (Campbell and Fiske) بگەڕێنرێتەوە کە لە ساڵی 1959 گەشەیان بە ئایدیای فرەیی قوتابخانەی کردەیی دا (multiple operationism)، ئەوان پێیانوابوو کە پێویستە لە میتۆدێك زیاتر بەکاربهێنرێت لە پرۆسەی ڕاست و دروستیی (validation) بۆ دڵنیابوون لەوەی کە جیاوازییەکە ڕەنگیداوەتەوە لە ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی میتۆدەکە یان نا. بەم چەشنە، تەبایی و هەماهەنگی یان ڕەزامەندیی نێوان دوو میتۆد، بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی بۆچوون و باوەڕەکانمان لەوەی کە ئەنجامەکان ڕاستن یان نەخێر ئەوە دەرەنجامێکی میتۆدۆلۆژییە. (Bouchard,1976: 268)

سێکوچکەیی بەشێوەیەکی سنووردار لە لایەن **نۆرمان دینزین** پێناسەکراوە و، وەك تێکەڵکردنی میتۆدۆلۆژیی جیاواز لە توێژینەوەیەك لە دیاردەیەکی هاوشێوەدا.(Smith,1975: 273)

دنزین لە بەکارهێنانی میتۆدە هەمەچەشنەکان پارێزگاریی لە شیکردنەوە و شیتەڵکردنی دیاردە ئەزموونییە هاوشێوەکان کردووە و، بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەر میتۆدێك، چەند ڕەهەندێکی

جیاواز لەبارەی واقیعەتە ئەزموونییەکان دەخاتە ڕوو، هەروەها پێیوایە «هیچ میتۆدێکی دیاریکراو بەتەنیا هەمیشە دەستباڵا و زاڵ نییە. هەر یەکەیان لایەنی بەهێز و لایەنی لاوازی تایبەت بەخۆییان هەیە. هەنوکە سەردەمی ئەوەیە کە کۆمەڵناسەکان ئەو ڕاستییە قبوڵ بکەن و، ئەم هەڵوێستە وەربگرن کە بۆ سەرقاڵبوون بە بابەت و پرسەکانی خۆیان سوود لە هەموو میتۆدە گونجاوەکان وەربگرن.»(Denzin, 1978: 471)

لەگەڵ ئەوەشدا، سێکوچکەیی پێشتر لەچوارچێوەی توێژینەوەی میتۆدی تێکەڵاو لەلایەن چەندان نووسەر و کۆمەڵناسی جیهانییەوە بەکارهاتووە، بۆ نموونە، لینین چەندین خشتەی چەندایەتیی تێکەڵاوی لە ڕووی شیکردنەوەی ئابووریی سیاسیی بەکارهێنا ئەویش لە بەرهەمەکەی خۆی بەناوی ***گەشەسەندنی سەرمایەداری لە ڕووسیا*** لە ساڵی 1898.(Olsen, 2004: 3)

## 4. ستراتیژ و جۆرەکانی سێکوچکەیی

لە ڕاستیدا میتۆدی سێکوچکەیی شێوازی جیاوازی هەیە، کە هەر یەکەیان بە جیاواز لە توێژینەوەکان بەکاردەهێنرێت و گوزارشت لە جۆری توێژینەوەکە دەکات، دنزین کە لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی ***کردەی توێژینەوە*** (1970) چوار جۆری سەرەکیی سێکوچکەیی دیاری کردووە، بەڵام کۆمەڵێ توێژەر و کۆمەڵناسیی مۆدێرن جۆرێکی تریشییان بۆ زیادکردووە، بۆیە هەوڵ دەدەم هەر یەك لەو جۆرانە باس بکەم، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ دنزین و کۆمەڵناسە مۆدێرنەکان.

### 1.4 سێکوچکەیی داتا DATA TRIANGULATION

سێکوچکەیی داتاکان ئاماژەیە بە بەکارهێنانی هەمەچەشنی داتاکان. دنزین پێیوایە لەم جۆرەدا دەبێ توێژەر ڕەچاوی هەر سێ لایەنی کات، شوێن و کەسەکان بکات، چونکە سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی داتاکان هەمەجۆر و جیاوازە، دەکرێ لە ڕێگەی تێبینیکردنەوە، جا چ ڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ، داتاکان کۆدەکرێنەوە، چونکە تێگەیشتن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا لە ڕێگەی هەلومەرجی

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیاوازەوە دەستەبەردەبێت. دنزین نموونەیەكی توێژینەوە لەم بارەیەوە دەهێنێتەوە: لە توێژینەوەی **مانا كۆمەڵایەتییەكانی مردن لە نەخۆشخانە مۆدێرنەكاندا**، دەكرێ میتۆدێكی ستاندارد بەكاربهێنرێت بۆ نموونە تێبینیكردن لە ڕێگەی بەشدارییەوە، بەڵام گرتنەبەری ئەو میتۆدە بۆ زۆربەی پانتاییەكان گونجاوە. لەوانەیە توێژەرەكان ڕۆڵی جیاوازیی گرووپەكان لە نێو نەخۆشخانەیەك بخەنە بەر تاقیكردنەوە و، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ ئەندامانی خێزانی كەسانی مردوو. ڕێورەسمەكانی مردن دەكرێ لە هەمان پرۆسەدا تاقیبكرێتەوە. كۆمەڵگا سەرەتاییەكان لەم بارەیەوە توێژینەوەیان لەبارەوە كراوە. مەرگ لە پانتایی گشتی، مەرگ لە ماڵ، مەرگ لە ئیش و، تەنانەت مەرگ لە یاریكردن نموونەی لەم چەشنەن. هەر یەك لەو مردنانە دەرخەری پانتایی داتایی جیاوازن لە نێو ڕووداوێكی جەستەیی هاوشێوەدا كە ئەویش مردنە.(Denzin, 1978:295)

### 2.4 سێكوچكەیی تیۆریی THEORETICAL TRIANGULATION

سێكوچكەیی تیۆریی واتە بەكارهێنانی چەندان ڕوانگەی تیۆریی هەمەچەشن و هەمەلایەنە بۆ ڕاڤەكردن كۆمەڵێك داتای دیاریكراو. دنزین لەم بارەیەوە دەڵێت: بەهیچ شێوەیەك نابێ سوودوەرگرتنی من لە سێكوچكەیی تیۆریی بە بەرگریكردن لە هەڵبژێردراوگەرایی(eclecticism) ڕاڤە بكرێ. لە ڕاستیدا ئەو كۆمەڵناسانەی كە بە ڕوانگەیەكی دیاریكراوەوە پەیوەستن، بە ئەگەرێكی زۆرەوە، سێكوچكەیی تیۆرییان قبوڵ نییە. وێڕای ئەوەش، بەرزترین بەهای ئەم ستراتیژییە لە دیدی من ئەمەیە كە دەستەبەری ئەوە دەكات كە هیچ توێژینەوەیەك لە نائامادەیی هەندێ ڕوانگەی تیۆرییەوە لەدایك نابێت. لەم ڕووەوە، لەو كایە و پانتایانەی كە تەبایی تیۆریی بوونی نییە، قبوڵكردنی ڕوانگەیەكی وەها گونجاوە(Denzin,1978:307) .

### 3.4 سێكوچكەیی توێژەریی INVESTIGATOR TRIANGULATION

سێكوچكەیی توێژەریی دەكرێ وا پێناسە بكرێت كە كاركردنی لە توێژەرێك زیاترە لەسەر توێژینەوەیەكی هاوشێوە لە هەمان كاتدا كە دەكرێ لە خۆگری ئەم ئامرازانە بێت وەك تێبینیكردن لە

لایەن چەند توێژەرێکەوە، چاوپێکەوتنەکان یان شیکردنەوەی داتاکان لە هەمان توێژینەوەدا ئەویش بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوە.Hussein,2001:3)، بەڵام نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە بڕیاری ئەوەی کە ڕۆڵی هەر یەك لەو توێژەرانە چییە و چۆنە، ئەوا کارێکە زەحمەتە و ناتوانرێ بە ئاسانی یەکلایی بکرێتەوە.

4.4 سێکوچکەیی شیکردنەوەیی ANALYSIS TRIANGULATION

ئەم جۆرەی سێکوچکەیی لە ڕاستیدا لە لایەن چەند توێژەر و نووسەرێکەوە ئاماژەی پێکراوە و بۆ تیۆرەکەی نۆرمان دنزین سەبارەت بە سێکوچکەیی زیاتر کراوە. مەبەست لە سێکچوکەیی شیکردنەوەیی واتە بەکارهێنانی زیاتر لە میتۆدێکە بۆ شیکردنەوەی هەمان داتا لە توێژینەوەیەکدا ئەویش بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوە. بەمانایەکی تر، ئەو کاتەی توێژەر داتای چەندایەتی و چۆنایەتی لە توێژینەوەیەك بەکاردەهێنێت، ئەوا ناچار دەبێت پشتڕاستی داتاکان بکاتەوە لە نێو یەك پارادایمدا .(Hussein,2001:4)

5.4سێکوچکەیی میتۆدۆلۆژی METHODOLOGICAL TRIANGULATION

ڕەنگە گەر بڵێین زۆرترین توێژینەوە لەبارەی سێکوچکەیی میتۆدۆلۆژیی ئەنجامدراوە، زێدەگۆئامێز نەبێت، ئەویش گوزارشتە لە بەکارهێنانی چەندان میتۆدی هەمەچەشن یان هەمەلایەنە لە تاوتوێکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. نۆرمان دنزین هەوڵی دەدا بە چەندین ئامانجی هەمەچەشن بگات؛ بۆ نموونە ئەو پێیوابوو دەکرێ لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدە چەندلایەنەکان تیۆرەکانیش تێکەڵ بکرێت. لەم ڕووەوە سێکوچکەیی میتۆدۆلۆژی هاوشێوەی سێکوچکەیی تیۆریی بوو، بەم مانایەی کە چەند تیۆرێکی هەمەچەشن سەبارەت بە پرسێکی هاوبەش کۆدەکرێنەوە.(مدنی و نر،2009: 59) لە ڕاستیدا ئەم جۆرەی سێکوچکەیی لەلایەن دنزیمەوە دوو جۆری تری بۆ دەستنیشانکراوە ئەوانیش:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 1.5.4میتۆدی لە ناوەوەڕا (WITHIN METHODS)

لەم جۆرەدا، سوود لە چەندان تەکنیکی هەمەچەشن بۆ کۆکردنەوە و ڕاڤەکردنی داتاکان وەردەگیردرێ ئەویش بە هۆی میتۆدێکی دیاریکراوەوە. نموونەکەی لە میتۆدە چەندایەتییەکان دەکرێ لە بەکارهێنانی چەندین پێودانگ (مقیاس) بخرێتە ڕوو. هەروەها لە میتۆدە چۆنایەتییەکانیش دەکرێ نموونە لە ڕێگەی سوودوەرگرتنی هەمەچەشن بۆ پێودانگی دۆزراوەکان تێبینی بکرێ، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەیاد بێت کە خستنەڕووی زیرەکانتر بۆ سێکوچکەیی، ئاراستە و میتۆدی لە نێوان یان لە دەرەوەڕایە (مدنی نر،2009: 60).

### 2.5.4میتۆدی لە دەرەوەڕا یان لە نـێوان (ACROSS OR BETWEEN METHODS)

لۆژیکی ستراتیژیی میتۆدی لە دەرەوەڕا ئەمەیە کە کێماسیی و کەموکوڕییەکانی میتۆدێك زۆربەی جار بە بەشە بەهێزەکانی میتۆدێکی تر لە قەڵەم دەدرێن و، بە ئاوێتەکردنی میتۆدەکان توێژەر دەتوانێ سوود لە هەر یەکەیان وەربگرێت، لە کاتێکدا کە بەسەر ئیشکالیەتە کەسیەکانیان زاڵ بێت (Denzin,1978: 302).

هەروەها ئەم جۆرە لەمیتۆد لە خۆگری چاوپێکەوتنی بونیادی و قووڵ و هەندێ جۆری تێبینیکردنە.

## 5. هەنگاوەکانی توێژینەوەی سێکوچکەیی لە کۆمەڵناسییدا

وەك ئەوەی لای هەمووان ڕوونە هەنگاوەکانی توێژینەوە لە هەر میتۆدێك جیاوازی هەیە لەگەڵ میتۆدەکانی تر، هەر بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین بە وردی باسی هەنگاوەکانی توێژینەوە لە میتۆدۆلۆژی سێکوچکەیی بکەین کە ئەم هەنگاوانە لە خۆدەگرێت:

**هەنگاوی یەکەم:** دانانی پرسیارەکانی توێژینەوە و گریمانەسازییە

لەم هەنگاوەدا توێژەر سەرەتا بە گەڕانەوە بۆ جۆری توێژینەوەکە، گریمانەکانی بەگوێرەی پرسیارەکانی توێژینەوەکەی ڕێکدەخات، بەڵام پێش ئەمە پێویستە ئەم خاڵە لەبەرچاو بگرێت کە سوودوەرگرتن لە توێژینەوە تێکەڵاوەکان گونجاوە یان نا.

**هەنگاوی دووەم:** دیاریکردنی ئامانجی توێژینەوەکە

لە هەنگاوی دووەمدا، دیاریکردنی ئامانجی توێژینەوەکە ئەویش بە گوێرەی ئاراستەکانی میتۆدی تێکەڵاو. توێژەر پاش دانانی پرسیارەکانی توێژینەوە دەبێ هۆکارەکانی خۆی بە گەڕانەوە بۆ میتۆدەکانی توێژینەوە ڕوون بکاتەوە، ئەویش بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ لە ڕێگەی میتۆدی تێکەڵاوەوە دەیەوێ بە چی بگات. ئامانجەکانی توێژینەوەی تێکەڵاویش پێنج ئامانجە: 1. ئاوێزانکردن؛ 2. تەواوکاری (Completion)؛ 3. گەشەسەندن (Development)؛ 4. دەستپێکردن و داهێنانەوە (Initiation) و 5. بەرفراوانکردن (Expansion).

**هەنگاوی سێیەم:** هەڵبژاردنی میتۆدۆلۆژیای گونجاو

لەم هەنگاوەدا توێژەر دوای ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی خۆی دەبێ میتۆدۆلۆژیایەکی گونجاو بۆ توێژینەوەکەی بخاتەڕوو یان بدۆزێتەوە.

**هەنگاوی چوارەم:** کۆکردنەوەی داتاکان

پاش دیاریکردنی میتۆدۆلۆژیای گونجاو بۆ توێژینەوەکە توێژەر دەست بە کۆکردنەوەی داتاکان دەکات ئەویش لە ڕێگەی پرسیارنامە و پێودانگ، چاوپێکەوتن و گرووپە فیکریی و تێبینییەوە.

**هەنگاوی پێنجەم:** شیکردنەوەی داتاکان

ئەم هەنگاوەش پاش کۆکردنەوەی داتاکان دێت کە دواتر توێژەر هەوڵی شیکردنەوەی داتا چەندی و چۆنییەکان دەدات، یان بە شێوەی جیاواز یان پێکەوە شییان دەکاتەوە.

**هەنگاوی شەشەم:** پشتڕاستکردنەوەی داتاکان

پشتڕاستکردنەوەی داتاکان قۆناغێکی گرنگە ئەویش پاش شیکردنەوەی داتاکان لە قۆناغەکانی پێشتر ئەنجام دەدرێت، لە پێناو دڵنیابوونەوە لە نەبوونی هیچ چەشنە لێکچوونێك ئەنجامدەدەرێت. لەم قۆناغە سوود لە ستراتیژەکانی هەڵسەنگاندنی چەندی و چۆنی و ئاوێتەیی (ترکیبی) وەردەگیردرێت.

**هەنگاوی حەوتەم:** وەسفکردنی داتاکان

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) –ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم قۆناغە لەڕاستیدا هەر لەسەرەتای کۆکردنەوەی داتاکان دەستپێدەکات تا دەگاتە کۆتایی توێژینەوەکەش هەر بەردەوامی دەبێت. خاڵە گرنگە ئەمەیە ئەم هەنگاوە و هەنگاوی پێشتر پەیوەندییەکی توندوتۆڵییان بە یەکترەوە هەیە، واتە توێژەر لە کاتی وەسفکردنی داتاکان بەردەوام لە هەوڵی پشتڕاستکردنەوەیاندایە و، پێویستە دووربکەوێتەوە لە دەمارگیریی و بیرکردنەوەی کەسیی.

**هەنگاوی هەشتەم:** خستنەڕووی ڕاپۆرتی کۆتاییە

لەم هەنگاوە پێویستە چەند شتێك لەبەرچاو بگیردرێت:

1. توێژەر نابێ بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی وازبهێنێت، بەڵکو واباشترە هەر لەو کاتەی خەریکی کۆکردنەوەی داتاکانە ڕاپۆرتەکەی خۆی ئامادە بکات.
2. دەبێ بە ڕوونی ئەوە دیاریبکرێت کە سوود لە کام ئاراستەی تێکەڵاو وەرگیراوە.
3. دەبێ دەرەنجامەکانی پەیوەست بە بەشە چەندی و چۆنییەکان بە چەشنێك ڕێکبخرێن لەگەڵ یەك تەبا بن.
4. ڕاپۆرتی کۆتایی دەبێ لەگەڵ جۆری خستنەڕووەکە تەبایی هەبێت، لەبەرئەوەی لە هەندێ لە خستنەڕووەکاندا وا پێویستە دوو قۆناغی جیاواز بخرێتەڕوو(Creswell,2013: 40-41).

## 6.سوود و زیانەکانی میتۆدۆلۆژیای سێکوچکەیی

ئەوەی پێشتر بە وردی باسمان کرد میتۆدە چەندایەتی و چۆنایەتییەکان کۆمەڵێ سوود و زیانیان هەبوو، یان بەمانایەکی تر، هەر یەك لەو میتۆدانە کۆمەڵێ ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییان تێدا بوو، بۆیە توێژەران بەردەوام لە هەوڵی کەمکردنەوەی ڕەهەندە نەرێنییەکانی ئەو میتۆدانەدا بوون، پاش مشتومڕ و پێشنیاری یەکجار زۆر میتۆدی تێکەڵاو بە تایبەت میتۆدی سێکوچکەیی توانی بەشێکی زۆر لەو کەموکوڕییانە چارەسەر بکات، سەرباری مانەوەی بەشێکی کەم لە ڕەهەندە نەرێنییەکانیان.

بۆیە دەکرێ بڵێین میتۆدی سێکوچکەیی توانی کۆمەڵێ دەرفەتی گرنگ و بەبایەخ بۆ توێژەران دەستەبەر بکات: **یەکەمیان**: بووە هۆی ئەوەی کە دڵنیایی زیاتر بە توێژەران بدات بەتایبەت لەبارەی

درووستیی ئەنجامەکانی توێژینەوە کە توانی ببێتە هۆی داهێنانی ڕۆڵێکی بیناکەرانە. **دووەمیان**: بەکارهێنانی چەند میتۆدێك لە یەك توێژینەوە دەرفەتی دروستبوونی کەلێن و بۆشایی کەم دەکاتەوە و، باشتر دەتوانرێت لە ڕووی ئەکادیمییەوە بە ڕاستییەکان بگەین(Yeasmin, 2012: 159).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا میتۆدۆلۆژیای سێکوچکەیی چەند کەموکوڕی و لایەنی نەرێنی هەیە، یەکێك لە هەرە سەرەتاییترین ڕەهەندی نەرێنی لەو میتۆدۆلۆژیایەدا ئەوەیە کە پێویستی بە کاتی (Time-consuming) زۆر هەیە، بێجگە لەوەش، کۆکردنەوەی داتا پێویستی بە پلان و خۆرێکخستن و ئامادەکارییەکی زۆر هەیە، ئەوا بێجگە لەوەی کە ئەو سەنتەر و سەرچاوانەی پێویستە داتاکانی لێ کۆبکەیتەوە بە زەحمەت داتاکان دەبەخشن، یان کۆمەڵێ ڕێگریی بۆ توێژەر دروست دەکەن لە پێدانی داتاکان(Thurmond,2001:256 ) .

هەروەها زۆربەی کۆمەڵناسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم میتۆدۆلۆژیا پێویستی بە سەرچاوەیەکی مادی قەبە و زۆر هەیە، چونکە زۆربەی کات ئەم توێژینەوانە هەم توێژینەوەی گرووپیین و هەم پرۆسەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە بە ڕەچاوکردنی کاتی و ماوەی توێژینەوەکە دووردرێژە.

## ئەنجام

دەتوانین بڵێین زانستە کۆمەڵایەتییەکان تاکو ناوەراستی سەدەکانی بیستەم تەنیا پارادایمەکانی پۆزەتیڤیزم و ڕاڤەگەراییان بەکارهێناوە ئەوانیش بە گەڕانەوە بۆ میتۆدۆلۆژیی چەندایەتی و چۆنایەتی، بەڵام لە چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم بەدواوە کۆمەڵناسەکان پارادایمی تێکەڵاوشیان لە میتۆدۆلۆژیادا هێنایە کایەوە. سەرەکیی ترین و گرنگترین کۆڵەکە کە ئەم میتۆدۆلۆژیایەی لەسەر وەستاوە بریتییە لە بەکارهێنانی ئاراستەی چەندی و چۆنی بۆ خستنەڕووی وێنایەکی یەکسان و هاوسەنگ لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان.

ئاراستەی تێکەڵاو لە توێژینەوەدا زەمینەیەکی گونجاو و لەبار بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان فەراهەم دەکات. ئەم شێوە گونجاوە پێکدێت لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا چەندی و چۆنییەکان ئەویش بە تێکەڵاوکردنی هەموو داتاکان، توێژەر دەتوانێ باشتر و وریاتر و قووڵتر لە بابەتی لێ توێژراو بخاتە ڕوو. هەروەها لە توێژینەوەی تێکەڵاودا، میتۆدە چەندایەتییەکان بە هۆی داتا چۆنایەتییەکانەوە بەرز دەبێتەوە و بە پێچەوانەوەش، میتۆدی چۆنایەتیش بە سوودوەرگرتن لە داتا چەندایەتییەکانەوە نزم دەبێتەوە.

بۆیە دواجار دەکرێ بڵێین، لە ئاراستەی تێکەڵاودا، میتۆدە چەندی و چۆنییەکان لە ڕێگەی ڕۆڵگێڕانی پەیوەست بە یەك، واتە دۆزینەوە و پاڵپشتیکردن، یەکتر کامڵ دەکەن. بەم جۆرە، توێژینەوەی چۆنایەتی ڕۆڵی دۆزەرەوە و توێژینەوەی چەندایەتی ڕۆڵی پاڵپشتیکردن دەگێڕێت.

## سەرچاوەکان


Reid, w. (1997). conception of curriculum and paradigms for research, journal of curriculum and supervision, 12.

Newman,W. L. (2000). social research methods, Boston, Allyn and bacon.

Blaukie, W.H. (1991). a critique of the use of triangulation in social research. Quality and Quantity, volume 25, issue 1.

Bouchard, T. (1976). Unobtrusive measures: An inventory of uses, sociological methods and research, volume 4.

Smith, W.H. (1975). strategies of social research: The methodological imagination. Englewood cliffs, prentice Hall.

Denzin, N. K. (1978). The research Act: A theoretical introduction to sociological methods, New York, McGraw-Hill.

Olsen, W. (2004). developments in sociology, causeway press, Ahlborn.

Hussein, A. (2001). The use of triangulation in social sciences research, Journal of comparative social work, issue 1.

Creswell, J. W. (2013). Steps in Conducting a Scholarly Mixed Methods Study, DBER Speaker Series.

Yasmin, S. (2012). Triangulation: Research method as the tool of social science research, BUP journal, volume 1, issue 1.

Thurmond, V. A. (2001) the point of triangulation, journal of nursing scholarships, volume 33, issue 3.

ایمان، م.ت. (2009). مبنانی پارادایمی روش های تحقیق کمی و کیفی در علوم انسانی،تهران، پژوهشگاه حوزه و دانشگا.

چالمرز، ا. ف. (2000). چیستی علم، (ترجمه سعید زیبا کلام)، تهران، انتشارات سمات.

حافظ نیا، م. (2003). مقدمەای بر روش تحیقیق در علوم انسانی، تهران، انتشارات سمت.

نیازی، م. (2011). روشهای تحقیق تلفیقی، مجله مطالعات اجتماعی ایران، دوره پنج، شماره 2.

مدنی، سید احمد و، دکتر نصر، احمد رِضا. (2009). سەسوسازی: ڕاهبردی برای نواوری در پژوهش های اموزشی، فصلنامه نواوری اموزشی، شماره 30، سال هشتم.

# The Importance of Triangulation Methodology in Sociology

**Assis. Lecture. Dana Lateef Shwani**
Department Of Sociology, College Of Law And International Relations, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Dana.jalal@lfu.edu.krd

**Keywords:** *Method, Quality Method, Quantative Method, Mixed Method, Triangulation Methodology*

## Abstract

In sociology, mixed methods are considered in the third part of the methodology. This means that to develop research methods in social sciences, researchers rely on qualitative methods, and then turn to quantitative, but these days the way mixed methods have become a common part of the social sciences and given the greatest value. The main idea of the mixed method is express the multiplicity of multi-method, which means that the use of quality and quantify will lead to a more appropriate and comprehensive understanding of this research phenomenon, as done in this group

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

that solves the quality and quantifyof the research. Moreover, in the new world, the complexity of the fields, in this regard, analysis, now and resonant, needs to be used and used in a detailed and new methodology, so that the greatest space and gap can be left. For this reason, the main purpose of this research is to discuss a quantifyand quality methods, and then to analyze the triangulation methodology in the social sciences and the importance of this methodology to the scientific centers in Kurdistan.

# أهمية منهجية التثليث في علم الاجتماع

## ملخص

في علم الاجتماع، يتم النظر في الأساليب المختلطة في الجزء الثالث من المنهجية. وهذا يعني أنه لتطوير أساليب البحث في العلوم الاجتماعية، يعتمد الباحثون على الأساليب النوعية، ثم يتحولون إلى الكمية، ولكن في هذه الأيام أصبحت الطريقة المختلطة جزءًا شائعًا من العلوم الاجتماعية ومعطى القيمة الأكبر. الفكرة الرئيسية للطريقة المختلطة هي التعبير عن تعدد الطرق ، مما يعني أن استخدام الجودة وتحديدها الكمي سيؤدي إلى فهم أكثر ملاءمة وشمولية لهذه الظاهرة البحثية ، كما هو الحال في هذه المجموعة التي تحل جودة البحث وكميته. وعلاوة على ذلك، في العالم الجديد، فإن تعقيد الحقول، في هذا الصدد، التحليل، الآن والرنان، يحتاج إلى استخدام واستخدام في منهجية مفصلة وجديدة، حتى يمكن ترك أكبر قدر من المساحة والفجوة. ولهذا السبب، فإن الغرض الرئيسي من هذا البحث هو مناقشة طرق القياس والنوعية، ومن ثم تحليل منهجية التثليث في العلوم الاجتماعية وأهمية هذه المنهجية بالنسبة للمراكز العلمية في كردستان.

**الكلمات الرئيسية: منهجية، منهجية الكمية، منهجية النوعي،منهجية المختلطة، منهجية التثليث**